# میراتێکی دژواری گواستراوە لە پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر

**خوێندنەوەیەک بۆ دەرفەت و هەڕەشەکانی نێوان کورد و زۆرینە؛ بەڵام هیچ ڕێککەوتنێک گەرەنتیی نەبووە و نییەتی و نایبێت**

**پرۆفیسۆر دکتۆر سەردار قادر محیەدین،** شارەزا لە یاسای دەستووری و دیپلۆماسییەتی قەیران

نامانەوێ ئەم بابەتە وەک بابەتێکی ڕەشبینانە ئەژمار بکرێ، چونکە سیاسەت بەڕەشبینییەوە مەحاڵە؛ وەک چۆن بە گەشبینی هەمیشەییەوە ساویلکەییە. لە سیاسەتدا دەبێ گومان لە هەموو شتێک بکرێ، لەگەڵ دژبەیەکەکان مامەڵە بکرێ و، بەئاگاییەوە ڕەفتار بکرێ. سیاسەت گۆڕەپانێکە هەمیشە جەنجاڵ (قەرەباڵغی)یە و، بەسەر هیچ بکەرێکەوە ڕاناوەستێ.

ئەوەی کە لەم بابەتە ئاماژەی پێ دەدەین، ئەزموونی یەک سەدەیە لەگەڵ حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق. میراتێکی دژوارە. بەردەوام هەڕەشە و مەترسییەکان دەگوازرێنەوە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دی و، بەردەوام پەیوەندییەکانی نێوان کورد و بەغدا لەرزۆک بوون. کەواتە ڕێسا سروشتییەکە بۆ هەڵسەنگاندنی پەیوەندییەکان لەگەڵ بەغدا ئەوەیە کە: لە دوای ڕەشبینییەوە چی بکەین؟ چونکە مامەڵەکردنمان لەگەڵیان ناچارییە و ئێمە تا هەنووکە بەشێکین لەو وڵاتەی کە ئەوان تێیدا فەرمانڕەوان.

**دەرفەتەکان لەدەست دەچن بەڵام هەڕەشەکان هەر ماونەتەوە**

ئەمە میراتی ڕەوشی مێژووی سیاسی و ڕکابەری و ململانێی نێوان کورد و حکوومەتەکانی عێراقە لە ماوەی سەد ساڵی پێشوودا. هەڕەشەکان هەر ماون، ساڵ دوای ساڵیش هەر زیاتر دەبن. ئەوانەی ئێستا، هی پێشوو نین، دەرفەتەکانی دوێنێش ئێستا نەماون؛ لەدەست دەرچوون. ئەوەی کە ئەمڕۆ لە کەیسەکان بۆتە گرێکوێرە، لە دوێنێی سیاسەتدا، لە نێوەندی ڕێککەوتنێکی دوولایەنەی سیاسی، گەر بکرایە، چارەسەر دەبوو. ئەو میراتە بەردەوامە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گوزەرانی کوردی لەگەڵ حکوومەتەکانی بەغدا قورستر کردووە. زۆربەی کورد ئەو تراژیدیایەی تا ئێستا هەر ماوە و، وەک میراتی ستەمدیدەیی لە ناخی خۆیدا هەر هەڵی گرتووە. هەرچەندە هەندێ لە لایەنە سیاسییەکانی کورد خۆیان لە مێژووی سیاسیی گەلەکەیان دابڕیوە و پشتیان کردۆتە ئەو میراتە و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە مێژووی خەبات لەوانەوە دەست پێ دەکات و، ئەوەی پێش خۆیان هەمووی بەهەڵە دەزانن و خۆیان بە فریادڕەس تێ دەگەن بۆ ئەو گەلە ستەمدیدەیە؛ بە شێوەیەک کە سازش لەسەر تەواوی شایستە و ناسنامەی گەلی کورد دەکەن و پشتیان لە پرسە نەتەوەییەکەی گەلەکەیان کردووە و بەتەنیا وەک خەون و خەیاڵێک دەبینن و، هیچ بایەخێکی تری لایان نەماوە.

لە لایەکی ترەوە دەستەبژێری سیاسی و حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی بەغدا، نەیاتوانیوە لە حکوومەتە دیکتاتۆرەکانی پێش خۆیان قوتاریان بێت، بەڵکوو وەک میرات وەریان گرتووە و وەک پەیڕەو لەسەر

ئەجێندا سیاسییەکانیان دووپاتی دەکەنەوە و تا هەنووکەیش هەر لەسەری دەڕۆن. ئەوەی کە ئێستا بەرامبەر کورد ڕوو دەدا و دەکرێ، بە جۆرێک لە جۆرەکان، هەمان سیاسەتەکانی پێشووە. کەواتە مێژووی سیاسیی کورد لە زۆربەی ڕەوتی سیاسەتی ڕابردوودایە دەرهەق بە کورد؛ سیاسەتی ئەمڕۆش ڕیشەی لە دوێنێی سیاسەتدایە.

کەواتە مەودایەکی زەمەنی نییە بۆ دەرفەت و هەڕەشەکان لە نێوان گەلی کورد و حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی بەغدا؛ ئەوەندە نەبێ کە زۆرێک لە دەرفەتەکان لەدەست چوون و هەڕەشەکانیش ساڵ لە دوای ساڵ هەر زیاتر دەبن. بەڵام لەو نێوەدا، دەبێ سەرکردایەتیی کورد، یەکانگیر و خاوەنی ستراتیژییەتێکی ڕۆشنی نەتەوەیی حوکمداری بێ، نەک ستراتیژییەتی خەبات و شۆڕشگێڕی بەتەنیا. دەبێ بیر لە مانەوەی قەوارەکەی بکاتەوە و بەرەوپێشی ببات؛ ئەوەیش پێویستیی بە عەقڵییەتێکی وادانان (assumption mind) هەیە و، دەبێ ئەو واقعانەیش کە نادیار و شاراوەن، لە ڕێگەی بەدواداچوون و تێبینیکردن و لێکۆڵینەوەی ئاییندەناسی، ئاشکرایان بکات. ئەمەیش دەبێ توێژەر و پسپۆڕ و دامەزراوە و توانای مرۆیی و دارایی بۆ دابین بکرێ. دەرفەتەکان زۆربەیان لەدەست چوون و، هەڕەشەکانی ساڵانی پێشوو وەک میرات هەر ماون؛ هەڕەشەی نوێیش وەک مەترسی دژ بە حکوومەتی هەرێم و نەتەوەی کورد لە ئارادان.

**دوای ئەو میراتە دژوارە، ئایا هیچ دەرفەتێک بۆ بەغدا و هەولێر ماوە بۆ ئاساییبوونەوە و چارەسەر؟**

بە ڕێژەیەکی زۆر دەتوانین بڵێین گەرچی دەرفەتەکانیش هەبن، بەهۆی زەینییەتی بەمەزهەبکردن و سێنترالیزم لەبار بردراون. بەڵام ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە بێهیوا بین و بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی پێکدانان؟ بێ گومان نەخێر. ئەوەی کە لەسەر سەرکردایەتیی کوردە، پێویستە هەردوو ڕەهەندی ڕەفتاری بەڕێوەبردنی قەیرانی لا ئەکتیڤ بێ: دەبێ گەشبین بێ و بەگومانەوە جووڵە و مامەڵە بکات. جارێکی تر دەگەڕێینەوە بۆ پرسیارەکە: ئایا هیچ دەرفەتێك ماوە؟ بەڵێ، لەوانەیش:

- وازهێنانی زۆرینەی حوکمڕانی عێراق لە پلانی بەمەزهەبکردن و سێنترالیزم و هەوڵدانی بەردەوام بۆ لەباربردنی قەوارەی سیاسیی هەرێم.
- دانپێدانانی حکوومەتی فیدراڵی بە شایستە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان.
- زاڵکردنی لۆژیکی دەستووری فیدراڵی بەسەر تەواوی لۆژیکەکانی تردا، تا چارەسەرەکانیش هەر لەو ڕوانگەیەوە بن.
- مامەڵەکردن لەگەڵ حکوومەتی هەرێم، وەک یەکەیەکی فەرمانڕەوایی خاوەن دەسەڵات بەپێی دەستوور لەناو دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ، نەک بەپێی یاساکانی ساڵانی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی پێشوو، کە لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا دانراون. بەو مانایەی کە ڕژێمی بەعس گەرچی وەک حوکم و ناو نەماوە، بەڵام لە زۆر کایەی کارگێڕی و سیاسیدا بەپێی ماددەی 130ی دەستووری ساڵی 2005، لۆژیکە یاساییەکەی هەر ماوە و قەڵەمڕەوی هەیە.
- هاتنەناوەوەی ئێران و ئەمریکا بۆ چارەسەری گرفتەکانی نێوان بەغدا و هەرێم، وەک نێوبژیکارێکی هاوسەنگ و بێلایەن؛ بەڵام ئەم دەرفەتە ئاسان نییە.
- پێشخستنی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان بەسەر ئەجێندا دەرەکییەکان.
- تەواوکردنی دامەزراوەی سیستەمی حوکمڕانیی فیدراڵی لە عێراق، کە ئەمەیش بونیادێکی سەرەکیی سەرلەنوێ بونیادنانەوەی دەوڵەتی عێراقییە بۆ دوای ساڵی 2003؛ بەڵام حکوومەتی

فیدراڵ و پەرلەمان، خۆیان لەو بابەتە دەدزنەوە.
- جێبەجێکردنی یاسای ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی تایبەت بە پێکهێنانی هەرێمەکان ژمارە 13 ساڵی 2008.
- مامەڵەنەکردنی زۆرینەی فەرمانڕەوا لە عێراق بە زەینییەتی ململانێ لە دژی هەرێم. هەر بۆیە بەغدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێم لەسەر بنەمای تەواوکاری و هاوکاری و هاوبەشی بنیات نەناوە، کە لە دەستووری ساڵی 2005 هاتووە، بەڵکوو لەسەر بنەمای ململانێیە، کە پێچەوانەیە لەگەڵ دەستوور.

ئەوانە چوارچێوەی قۆستنەوە و بەگەڕخستنی دەرفەتەکانە، بەڵام ئایا لەلایەن بەغداوە بەهەند وەرگیراون؟ بێ گومان نەخێر. کەواتە کاتێک دەرفەتەکان لەدەست دەچن، ئاڵۆزی و ئاژاوە و بێمتمانەیی سەر دەردێنێ و پەیوەندییەکان دووچاری قەیران دەبێت و سەرەڕای گرفتەکانی پێشوو، چەندان هەڕەشەی دی سەربار دەبن. هەر بۆیە ساڵی 2025 پێ ناچێ لە ساڵی 2024 باشتر بێت، چونکە هیچ جۆرە ئاماژەیەک بۆ بەرەوپێشچوون نییە لەو بارەیەوە. بەڵام دەبێ هەوڵ بدرێ و شەکەت نەبین، لەسەر هەردوو ئاستی سیاسی و دیپلۆماسی.

**کەواتە کام لە فاکتەرەکان دەبنە دەرفەت بۆ هەرێم**، تا پارسەنگی هاوکێشەکە بە لای هەرێمدا بێت و بەغدا ناچاری هەندێ ڕێککەوتن بکات؟ هەرچەندە گرفت لە ڕێککەوتن نییە، ئەوەندەی گرفت لە پابەندنەبوون و پشتکردنە لە پەیمان و ڕێککەوتنەکان. ئەمەیش ئەزموونی 20 ساڵی پێشووی حوکمڕانیی زۆرینەیە لە عێراق.

دەرفەتەکانیش بۆ هەرێم بریتین لەمانە:

- لاوازبوونی میلیشیاکان و هەژموونی ئێران لە عێراق؛ ئەمەیش دەکرێ لە ڕێگەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی یان گورزلێوەشاندنیانەوە بێت لەلایەن فاکتەری دەرەکییەوە.
- ئەو سیناریۆیەی کە لە سووریا ڕوو دەدا و، دووبارەبوونەوەی لە عێراق، کە ئامانجە سەرەکییەکەی لێدان دەبێت لە میلیشیاکان؛ ئەو ڕووداوەیش: لە لایەک میلیشیاکان تەواو لاواز دەکات و هێزی شیعەی عێراق پەرتەوازە دەبێت؛ لە لایەکی ترەوە حکوومەتی عێراق لە یەک کاتدا لاواز و، لە میلیشیاکان و کاریگەریی ئێران ڕزگاری دەبێت. ئەمەیش بۆ گەیشتنە ڕێککەوتنی نێوان هەرێم و بەغدا ئاسانتر دەبێت.
- سەرهەڵدانەوەی داعش؛ کە تا ڕاددەیەکی زۆر حکوومەتی عێراقی لاواز و دووچاری شۆکبوون دەکات.
- هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ بازاڕەکانی جیهان.
- یەکڕیزیی کورد و یەک-ئەجێندایی لە بەغدا.
- جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی لە هەرێمی کوردستان؛ چونکە گەندەڵی خۆرەی دەسەڵاتە.

**بەڵام ئەو دەرفەتانە بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکان دووچاری چەند مەترسییەک دەبێتەوە:**

- بەردەوامبوونی مامەڵەی بەغدا لەگەڵ هەرێم بە زەینییەتێکی ململانێ و سێنترالیزم؛ ئەمەیش بەردەوام پەیوەندییەکان دەباتەوە بۆ خاڵی دەسپێک. بەڵام قۆناغەکە لەو حاڵەتەدا زیاتر بەرەو پێکدادانی هەردوو لا دەڕوا؛ ئەمەیش لە بەرژەوەندیی هەردوو لا نییە، بەتایبەت بەغدا.

- بەردەوامبوونی ڕەفتاری سازشپێکردن لەلایەن زۆرینەوە بە هەرێم، بەرامبەر هەر شایستەیەک کە بۆی خەرج بکرێ. بەو مانایەی بەرامبەر شایستەیەکی دەستووری، هەوڵ دەدرێ لەلایەن بەغداوە، هەرێم سازشێکی سیاسیی پێ بکرێ؛ جا ئیدی ئەو هەوڵە بۆ سازشپێکردن، هەڵوێستێکی سیاسییە یان پرۆژەیەکی یاساییە لە پەرلەمان تا تێ پەڕێ و هتد.
- تێوەگلانی حکوومەتی عێراقی لە جەنگ. شەڕ و پێکدادانەکانی سووریا، هەنگاوێک لەودیو سنوورەوە دوورە، میلیشیاکانیش بەئاسانی تێوە دەگلێن، حکوومەتی عێراقیش ئامادەییی خۆی بۆ ئەو تێوەگلانە لەسەر زاری سوودانییەوە، دەربڕی؛ بەوەی ئامادەی هەموو هاوکاری و پشتیوانییەکە بۆ سووریا، بەڵام لە واقعدا ناتوانێ.
- سەرلەنوێ هەڵکشانەوەی گرژییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران یان ئیسرائیل و ئێران. لەو نێوەندەدا میلیشیاکان ڕۆڵی نەرێنی دەبینن و عێراقیش تێوە دەگلێ.
- دواکەوتنی پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە نێوان پارتی دیموکرات و یەکێتیی نیشتمانی؛ کە ئاکامەکەی بەخراپ لەسەر پەیوەندییەکان دەشکێتەوە.
- دووبارە بەردەوامبوونی یەکێتیی نیشتمانی لە تێکدانی ئەو هاوکێشە ئەرێنییانەی کە لە نێوان هەرێم و بەغدا دروست دەبن.

**سەرباری ئەو مەترسییانەی سەر پەیوەندیی هەردوو لا، چەندان خاڵی ناکۆکیش هەن**

لە ناونیشاندا ئاماژەمان بەوە دا کە هیچ ڕێککەوتنێکی نێوان کورد و زۆرینەی حوکمڕانی عێراق لە مێژووی سیاسییدا گەرەنتیی جێبەجێکردنی نییە و نەبووە و نابێت. کاتێکیش باس لە ڕێککەوتن و تێگەیشتنی سیاسی دەکەن، کە لاواز بن و هاوکێشەکان لە بەرژەوەندیی ئەواندا نەبن، یان نیازی تریان هەبێت و بیانەوێ کورد هەڵخەڵەتێنن. ئەوان زۆر کەڵکیان لە ئەزموونی ئێرانی وەرگرتووە، کە لای ئەوان بەڕێوەبردن و قۆستنەوەی کات، ڕەگەزێکی گرنگی بەڕێوەبردنی قەیرانەکانە.

ئەگەر باس لە دوای ساڵی 2003وە بکەین، هیچ لە بابەتەکە نەگۆڕاوە. بۆ زیاتر دڵنیابوون، دەکرێ جارێکی دی ئاماژە بە چەند خاڵێکی ناکۆکی بکەین بۆ ساڵی 2025، کە سەربار دەبن بۆ هەڕەشە و خاڵە ناکۆکەکانی ساڵانی پێشوو، لەوانەیش:

- دۆسیەی نەوت. گەرچی ئێستا جۆرێک لە تێگەیشتن هەیە و بڕیارە بوودجەی بۆ هەموار بکرێت، بەڵام لەناو پرۆژەیاساکەدا نووسراوە "لەناو هەرێم". دەبێ ئەو بڕگەیە بەهەند وەربگیرێت، چونکە لای ئەوان چەندان بیرە نەوت هەیە، کە ئێستا لەژێر کۆنترۆڵی حکوومەتی هەرێمدایە، بە مافی حکوومەتی فیدراڵی دەزانن.
- بە خواست و حەزی خۆیان بوودجەیان پەسەند کرد؛ هەرگیز بەو شێوازە ڕازی نابن کە لە بەرژەوەندیی هەرێم بکەوێتەوە.
- گرفتی مووچە بۆ ساڵی 2025 درێژە دەکێشێت، چونکە ڕێوشوێنەکانی بەغدا هێندەی مەرکەزین، فیدراڵی نین. لە لایەکی تریشەوە ئەوان دابینکردنی مووچە بۆ فەرمانبەرانی هەرێم، بە پشتیوانی بۆ حکوومەتی هەرێم و بەردەوامیی گەشەسەندن لە هەرێم دەزانن.
- تەواوی دۆسیە هەڵپەسێردراوەکانی دی وەک: ماددەی سەد و چل و پێشمەرگە و... هەر بەهەڵپەسێردراوەیی دەمێننەوە.

- پرۆسەی بازرگانی لە هەرێم، پرۆسەیەکی گەشەسەندووە و، گرفتی زۆری بۆ دەنێنەوە؛ هەر لە کیلۆیەک تەماتەوە بۆ بەبەهاترین کاڵا، تا هەرێم بە میحوەری بازرگانی لە عێراق نەمێنێتەوە. بۆ ئەو بابەتەیش پەنا بۆ ڕێوشوێنی کارگێڕی و یاسایی دەبەن؛ ئەوەتا زۆربەی کات ناهێڵن کیلۆیەک پەتاتە و تەماتە بەرەو ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق بڕوات. لەوەیش زیاتر، کار لەسەر ئەوە دەکەن کە تەواوی کۆمپانیاکان بۆ کاروباری کارگێڕی بگەڕێنەوە بۆ بەغدا، لە باج و خۆتۆمارکردن و هتد.
- بۆ ساڵی 2025 زۆر جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە کە هەرێمی کوردستان لە هەرێمێکی وەبەرهێن و گەشەسەندووەوە، بگۆڕن بۆ هەرێمێکی شوێنکەوتە و تەنیا بەکاربەر کە هەمیشە چاوی لە دەستی بەغدا بێت. ئەمە سیاسەتی بەغدایە لە دوای نەهێشتنی پرۆسەی هەناردەکردنی نەوت.
- ڕێککەوتنی شنگال دۆسیەیەکە، کە ئەجێندای دەرەکی، بەتایبەت ئێران ڕێگرە لە بەردەم جێبەجێکردنی.
- داهاتی ناوخۆ، کە بەغدا تەنانەت بەپێی یاسای دارایی دەوڵەتیش نایەوێ جێبەجێ بکرێ. لە لایەک هەموو قورساییەکە کەوتۆتە سەر هەولێر و دهۆک بۆ داهاتی ناوخۆ و، لە لایەکی تریشەوە هەوڵی وەرگرتنی تەواوی داهاتە نانەوتییەکە دەدەن.
- بەغدا بەپێی ئەو یاسایانەی کە لە سەردەمی مەرکەزییەت و دیکتاتۆرییەتی سەددام دانراون، کار دەکات و پەیڕەوییان لێ دەکات. زۆرینەی عێراقیش مەبەستی هەموارکردنەوەی ئەو یاسایانەی نییە، چونکە لە بەرژەوەندیی خۆیەتی، بەتایبەت لە بواری باج و داهات و بازرگانی و هتد. لە دەستووری عێراقیشدا لە ماددەی 130، ئاماژە بەوە دراوە کە کاریان پێ دەکرێ، تا ئەو ساتەی هەموار دەکرێنەوە. کەواتە پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر لەلایەن ئەو ماددە دەستوورییەوە تەحەکومی تێدا کراوە.
- گەورەترین ناکۆکیی نێوان هەردوو لا، کە بۆ ساڵی داهاتووش دەمێنێتەوە، پابەندنەبوونە بە پەیمان و ڕێککەوتنەکانەوە.
- لەگەڵ کێ ڕێک بکەوین؟ ئەوەیش یەکێکە لە سەرەکیترین خاڵەکانی ناکۆکی، کە تا ئێستا هەرێم نازانێ لەگەڵ کێ ڕێک بکەوێ؛ ئەگەر لەگەڵ حکوومەت ڕێک بکەوێ ئەوا لە پەرلەمان کەس خۆی ناکاتە خاوەن" ئیدی بەو شێوەیە... ڕێککەوتنە سیاسییەکانیش بەهۆی بڕیارەکانی دادگەی فیدراڵییەوە هیچ بەهایەکیان نەماوە؛ بە شێوەیەک کە هیچ نرخ و بەهایەک بۆ سیاسەت و فیدراڵییەت لە عێراقدا نەماوە.

**دوای ئەو هەموو مەترسی و هەڕەشانە، ئایا هیچ خاڵێکی هاوبەش لە نێواندا ماوە؟**

بەڵێ ماوە. ئەگەرچی وەزارەتی دارایی عێراق هەر وەک ڕێگر ماوەتەوە، لەوانەیش:

- بوونی بۆچوونی ئەرێنیی هاوبەش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە نێوان حکوومەتی هەرێم و سەرۆکوەزیرانی بەغدا.
- هەوڵدان بۆ تێوەنەگلانی عێراق بۆ ناو ململانێکانی ناوچەکە.
- جەختکردنەوە لەسەر چارەسەرە دەستوورییەکان.
- هەندێ لە بڕیارەکانی دادگەی باڵای فیدراڵی، لە بەرژەوەندیی هەرێم کەوتنەوە، بەتایبەت وەک

کەمترین ماف بۆ مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم، کە دەبێ خەرج بکرێ.

- مێژووی سیاسیی حوکمڕانیی عێراق ئەوەی بۆ لایەنی شیعە سەلماند، کە تاکە هاوبەشی ڕاستەقینەی حوکمڕانی بۆ ئەوان لە عێراق، کوردە. هەر بۆیە دەبێ لەگەڵیدا ڕێک بکەون، چونکە هەر کوردە دەتوانێ عێراق سەقامگیر بکا؛ بەپێچەوانەیشەوە هەر ڕاستە.
- بوونی پەیوەندییەکی ئەرێنیی نێوان حکوومەتی هەرێم و ئێران تا ئەو ساتەوەختە.

**بەڵام هەندێ فاکتەری ناوخۆییی کاریگەر لەو نێوەندەدا هەر ماون، کە زیاد بکەن کەم نابن**

**فاکتەرە ناوخۆیییەکان**

ئەویش دەکرێ بۆ ئەرێنی و نەرێنی دابەشیان بکەین:

**فاکتەرە ناوخۆییە ئەرێنییەکان**

بەداخەوە زۆر کەمن، تەنیا سییان شک دەبەین:

- ئەجێندای سوودانی کە بەرامبەر هەرێم ئەرێنییە، بەڵام لەژێر گوشاری زۆردایە.
- هەندێ لە بڕیارەکانی دادگەی باڵای فیدراڵی و پابەندبوونی هەرێم پێیانەوە.
- سەرکەوتنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، کە توانیی زۆرینەی کورسییەکان بەدەست بێنێ. ئەمەیش وای یکرد کە مەرجەعیەتی سیاسی، لە بەرامبەر بەغدا گۆڕانکاریی بەسەردا نەیەت.

**فاکتەرە نەرێنییە ناوخۆیییەکان**

چەند لەو فاکتەرە نەرێنییانە دەژمێری، هەر هەن و ئاساییە:

- بوونی زیاتر لە دیدگەیەکی شیعە بەرامبەر حوکمڕانیی هەرێم؛ کە ئەوانەی بڕیاربەدەستن، دیدگەیان نەرێنییە.
- کاریگەریی زۆری هەندێ لایەنی وەلائی شیعی بەسەر حکوومەتەکەی سوودانییەوە. ئەمەیش وای کردووە لە بەردەم پەیوەندییەکاندا کۆسپی زۆر بنێنەوە؛ بەو مانایەی کە حکوومەت لەژێر ڕەحمەتی میلیشیاکاندایە.
- هەڵوێستی ئێران بەرز و نزمیی زۆری تێدایە، بەڵام بەئاشکرا یەک هەڵوێست و یەک قەوارەی سیاسیی هەرێمی ناوێ.
- ئەو ڕێککەوتننامانای کە کراون، جێبەجێ نەکراون. دەبێ لەگەڵ حکوومەتی نوێی عێراق لە 2025، سەرلەنوێ چاوپێخشاندنەوەیان بۆ بکرێتەوە.
- دیدگەی چەند لایەنێکی کاریگەری شیعە؛ بەوەی هەرێم نەهێڵن و بیکەنەوە بە پارێزگایەکی گەورەی عێراق؛ ببێتە پاشکەوتە و ناسەقامگیر و بەکاربەر و نابەرهەمهێن.
- ململانێی نێوان سوودانی و مالیکی، کە بەهۆی هەڵبژاردنی 2025 هەندێ لە باجەکەی حکوومەتی هەرێم دەیدات.
- ڕۆڵی نەرێنیی هەندێ لایەنی سیاسیی کوردی هەرێم لە بەغدا، وەک یەکێتیی نیشتمانی و نەوەی

نوێ دژ بە حکوومەتی هەرێم.

- تێوەگلانی عێراق لە ململانێکانی ناوچەکە؛ بەوەی هەندێ لە میلیشیاکان بەهۆی هێرشەکانیانەوە بۆ سەر ئیسرائیل، وا لەو دەوڵەتە دەکەن کە هێرش بکاتە سەر عێراق. ئەوەدەمیش ئاڵۆزی دروست دەبێت و بە ئەگەرێکی زۆرەوە هەڵبژاردنی 2025 دوا دەخرێ؛ کە دواخستنی لە بەرژەوەندیی مالیکی و میلیشیاکانە.

## فاکتەرە کاریگەرە دەرەکییەکان

### فاکتەرە ئەرێنییەکان

- هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکە تا ڕاددەیەک لە بەرژەوەندیی کوردن، بەڵام ئەوەندە ماوەتەوە بڵێین: ئەگەر ئەوەی کە لە سووریا ڕووی داوە، بکەرەکەی تورکیا بێت، ئەوا کوردستانی ڕۆژاوا لە مەترسییەکی جدیدایە.
- هەڵوێستی ئەمریکا تا هەنووکە بۆ کورد ئەرێنییە و، پشتیوانییە.
- هەڵوێستی ئێران و تورکیا تا هەنووکە لەگەڵ هەرێم ئەرێنییە.
- ئەگەر ئەو جەنگەی لە سووریایە، بپەڕێتەوە بۆ عێراق، ئەرێنییە، چونکە ئەوانەی کە لێیان دەدرێ ئەوانەن کە گوشاری زۆر دەخەنە سەر هەرێم. هەرچەندە هەرێم لەو ئاگرە پریشکی بەردەکەوێ و زۆر کاریگەر دەبێ لەسەری، بەڵام لە پارسەنگی هاوکێشەکە بۆ هەرێم ئەرێنییە.
- سەرنجدان لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان بۆ هەرێم تا هەنووکە وەک بکەرێکی کاریگەری نادەوڵەتی لە ناوچەکە ئەرێنییە و، کورد دەبێ هەمیشە لە خەمی ئەو ڕەهەندە نێودەوڵەتییەدا بێت.

### فاکتەرە نەرێنییەکان

سێ ڕەهەندی سەرەکی هەن کە دەبێ لە هەرێمی کوردستان بەهەند وەربگیرێن:

- هەڵوێستی ئێران جێی متمانە نییە و پەیوەستە بە کێرڤی پەیوەندییەکانی لەسەر ئاستی ناوچەکە و ئەوروپا و ئەمریکا.
- تا ئێستایش پارسەنگ و ئاکامی هاوکێشەکانی ناوچەکە ڕوون نەبوونەتەوە؛ هەر بۆیە دەبێ زۆر بەئاگایی و لێکۆڵینەوە و بەوردییەوە لێیان بڕوانین، چونکە ڕووخانی ئەسەد کۆتایی هاوکێشەکان نییە.
- ئەجێندای ترەمپ بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕۆشن نییە. پێ دەچێت ترامپیش پرسی کورد و هەرێم بە تەواوکاری هەندێ هاوکێشە بزانێ، نەک ڕەهەندێکی سەرەکیی ستراتیژییەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

## ئەو پرسانەی کە قابیلی چارەسەرن

هەرچەندە تەواوی یەکلاکردنەوەی چارەسەرەکان مسۆگەر نین و بەڕێژەیی دەمێننەوە، بەڵام پێ دەچێ چەند دۆسیەیەک بەڕێژەیی چارەسەر ببن، لەوانەیش:

- مووچە بە شێوەیەکی ڕێژەیی، نەک بنبڕ.

- هەمواركردنەوەی بوودجە؛ بەتایبەت ئەو چەند بڕگە دیاریکراوانەی کە پەیوەندییان بە هەرێمەوە هەیە.
- هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێم؛ ئەویش لە حاڵەتێکدا ئەگەر هەڕەشەکانی ئیسرائیل بۆ لێدانی عێراق بچنە قاڵبی کردارییەوە.

**ئەو پرسانەی کە قابیلی چارەسەر نین**

ئەمە کرۆکی گرفتەکانە؛ تا چارەسەر نەکرێن پەیوەندییەکان هەر بەرەو خراپتر دەچن، لەوانەیش:

- مامەڵەی بەغدا بە زەینییەتی سێنترالیزم لەگەڵ هەرێم، نەک لەسەر بنەمای فیدراڵییەت.
- هەوڵە بەردەوامەکانی لایەنە سەرەکییە شیعییەکانی پرۆسەی سیاسیی عێراق بۆ لەناوبردنی قەوارەی هەرێم.
- ناتەبایی و پەرتەوازەیی ناوماڵی کورد، کە گەورەترین زەرەری لە پرسی کورد داوە لە عێراق.

**هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە 2025**

پرسیارە جەوهەرییەکە لەو بارەیەوە ئەوەیە: ئایا هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە ساڵی ٢٠٢٥ چ کاریگەرییەکی لەسەر پەیوەندییەکانی نێوانیان دەبێت و پێشبینیی نەخشەی سیاسیی عێراق چی دەبێت؟

کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەبێت؛ بە ئاماژەدانیش بە چەند ڕەهەندێک وێنەکە ڕوونتر دەبێتەوە، وەک:

- ململانێ ڕاستەقینەکە بۆ هەڵبژاردن لە نێوان گرووپە وەلائییەکان و سوودانیدایە، بەتایبەت مالیکی لەگەڵ سوودانی. سوودانییش مەبەستی بونیادنانی پەیوەندییەکی سەقامگیر و پتەوە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، مالیکییش سێ وەزارەتی سەرەکیی لایە: دارایی، نەوت، پلاندانان. هەرسێ وەزارەتەکەیش سەرچاوەی گەورەترین گوشار و کۆسپ بوون بۆ هەرێم.
- نەخشەی سیاسیی بەرەنجامەکانی هەڵبژاردنی 2025 عێراق، پێ ناچێت لە بەرژەوەندیی گرووپە وەلائییەکان بێت. بەرەنجامەکان بێ گرووپە وەلائییەکان زۆرترین کورسی کە زیاترە لە 200 کورسیی پەرلەمان بەدەست دێنن. هەر بۆیە وەلائییەکان، لە لایەک گوشار دەخەنە سەر هەرێم تا لە سوودانی و سەدر نزیک نەبێتەوە، لە لایەکی تریشەوە کار لەسەر دواخستنی هەڵبژاردن دەکەن، ئەویش بەهۆی پەلکێشکردنی ئیسرائیل بۆ لێدانی عێراق؛ ئەودەمیش پاساوێک بەهۆی بارودۆخی ناهەموارەوە بۆ دواخستنی هەڵبژاردن بەرجەستە دەبێت.
- چەند گرووپە وەلائییەکان لە پاشەکشەدا بن، ئەوەندە لە ڕێگەی ئەو سێ وەزارەتەی کە باسمان کرد، گرفت بۆ پەیوەندییەکان دروست دەکەن.
- کورد بەپەرتەوازەیی و دووبەرەکی دەچێتە ناو پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتووی عێراق لە 2025؛ ئەمەیش کاریگەریی لە پێگەی کورد دەکات. ڕووداوەکانی چەند ساڵی ڕابردوو ئەوەی سەلماند، کە یەکێتی خۆی بۆ ئەجێندایەکی عێراقی یەکلا کردۆتەوە، نەک کوردستانی؛ هەر بۆیە دژواری و دژایەتیی نێوان دوو حزبە سەرەکییەکە زۆرتر دەبێ.

**سەبارەت بە هەڕەشەکان-چونکە دەرفەتەکان زۆر کەمن- کورد دەبێ چی بکا بۆ ساڵی 2025؟**

- دەبێ زیاتر بایەخ بە یەکڕیزی و نەهێشتنی پەرتەوازەیی ناوماڵی کورد بدرێت، چونکە سەرکەوتنەکان لەم کەلێنەوە دێن.
- پێکهێنانی حکوومەتێکی ئیئتلافی لە هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای بەرەنجامەکانی هەڵبژاردن.
- جێبەجێکردنی یاسای چاکسازیی کوردستان و دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ خەڵک و نەهێشتنی گەندەڵی؛ چونکە گەندەڵی خۆرەی دەسەڵاتە.
- گەیشتنە ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا لەسەر پرسەکان بەپێی دەستوور، بەتایبەت مووچە؛ چونکە بنەمای بژێوی خەڵکە و سازشی لەسەر ناکرێ.
- خۆئامادەکردن بۆ پێشهاتەکان لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە؛ چونکە ئەوەی کە لە سووریا دەقەومێ، دەپەڕێتەوە عێراق و میلیشیاکان و هەژموونی ئێران لە پێشەنگی ئەو ئامانجانەن کە لێیان دەدرێت. خۆپاراستن لە پریشکەکان، دانایی زۆری دەوێ.
- سەرۆکی هەرێم، دەبێت ڕۆڵی تایبەتی خۆی بگێڕێ؛ لە چاوپێکەوتن، دیپلۆماسییەت، وتاردان، بینینی لایەنە سیاسییەکانی هەرێم، گفتوگۆ لەگەڵ پسپۆر و شارەزایان و هتد.
- سەردانی بەردەوامی شاندی هەرێم بۆ بەغدا و بەدواداچوونی کێشەکان و بوارنەدان بە بەغدا تا کات بەفیڕۆ بدات و دەستی بە دەستی بە هەرێم بکات.
- شاندە دیپلۆماسییەکانی هەرێم بۆ دەرەوە و ناوەوەی عێراق دەبێت بەردەوام بن؛ بەتایبەت دەبێت ڕەهەندی دەرەکی بەهەند وەربگیرێت و بایەخی سەرەکی بێت.
- هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان؛ چونکە پێگەی هەرێم لە بەرامبەر بەغدا بەهێز دەکاتەوە.
- هەوڵدان بۆ هەموارکردنەوەی ئەو یاسایانەی کە لە سەردەمی حزبی بەعسی پێشووەوە دانراون و کاریان پێ دەکرێ لەژێر ڕۆشنایی ماددەی 130؛ ئەو یاسایانە تەنیا بەرژەوەندیی بەغدایان تێدایە نەک هەرێمیش.
- هەوارکردنەوەی بوودجەی عێراق، بەتایبەت دوای ڕێککەوتنی هەردوو حکوومەتەکە؛ بەڵام هەوڵی سەرنەگرتنی لەلایەن هەندێ لایەنی کوردی و شیعییەوە بەردەوامە.